# فیقهی ئاسان: پەرتووكی نوێژ: دەروازەی دەیەم: لە بارەی نوێژی هەینیەوە

# الفقه الميسر: كتاب الصلاة: الباب العاشر: في صلاة الجمعة

< كوردی - كردي - kurdish >


دەستە بژێرێك لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێرانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# له بارەی نوێژی هەینیەوە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتەکانی نوێژ، دێینە خزمەت ئێوەی بەڕێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوای گەورە لە بارەی نوێژی هەینیەوە ئەم ووتارەتان پێشکەش دەکەین، کە دە بابەتی لەخۆ گرتووە، بابەتی یەکەم: حوکمی نوێژی هەینی و بەڵگەکانی، بابەتی دووەم: نوێژی هەینی لەسەر کێ واجبە؟، بابەتی سێهەم: کاتی نوێژی هەینی، بابەتی چوارەم: ووتاری نوێژی هەینی، بابەتی پێنجەم: سوننەتەکانی ووتاری نوێژی هەینی، بابەتی شەشەم: ئەوە کارەی ئەنجامدانی لە کاتی ووتاری نوێژی هەینیدا حەرامە، بابەتی حەوتەم: بەچی شتێك دەگەیت بە نوێژی هەینیدا؟ بابەتی هەشتەم: لەبارەی نوێژی سوننەتی هەیینیەوە، بابەتی نۆیەم: چۆنیەتی ئەنجامدانی نوێژی هەینی، بابەتی دەیەم: سوننەتەکانی ڕۆژی هەینی .

## بابەتی یەکەم: حوکمی نوێژی هەینی و بەڵگەکانی :

نوێژی هەینی فەرزی عەینە لەسەر پیاوان، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ﴾[1]، واتا: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە کاتێك کە بانگ درا بۆ نوێژ لە ڕۆژی هەینی دا بە پەلە بڕۆن بۆ یادی خوا (بۆ نوێژە هەینی) و واز لە کڕین و فرۆشتن بهێنن، ئا ئەوە بۆ ئێوە چاکترە ئەگەر بزانن و تێ بگەن .

وە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : { رواح الجمعة واجب على كل محتلم }[2]، واتا: ڕۆشتن بۆ نوێژی هەینی واجبە لەسەر هەموو نێرینەیەکی باڵغ بوو، هەروەها فەرموویەتی: { لينتهين أقوام عن ودعهم الجمعات, أو ليختمن الله على قلوبهم, ثم ليكونن من الغافلين }[3]، واتا: خەڵکانێك کۆتایی دەهێنن لەوەی کە وازیان لە نوێژی هەینی هێناوە، یان ئەوەتانێ خوای گەورە مۆر دەنێت بەسەر دڵەکانیاندا، وە پاشان لە بێ ئاگایان دادەنرێن .

(1) سورەتی الجمعة : ئایەتی: 9 .

(2) نەسائی ڕیوایەتی کردووە (89/3)، وە شیخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی : ( صحیح الجامع )، فەرموودەی ژمارە (3521) .

(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (865) ڕیوایەتی کردووە .

ئیمام نەوەوی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لەبارەی ئەم فەرموودەوە ووتویەتی: ( فيه أن الجمعة فرض عين ) [1]، واتا: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نوێژی هەینی فەرزی عەنیە .

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە کە کەمێکی تر باسی لێوە دەکەین، پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : {الجمعة حق واجب على كل مسلم....}، واتا: نوێژی هەینی مافێکی واجبە لەسەر هەموو پیاوێکی موسڵمان .

### بابەتی دووەم: نوێژی هەینی لەسەر کێ واجبە؟

نوێژی هەینی واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێکی نێرینەی باڵغی ژیر، توانای ئەوەی هەبێت کە بڕوات بۆ نوێژەکە، وە نیشتەجێ بێت و موسافیر نەبێت، بۆیە دەڵێین: نوێژی هەینی واجب نیە لەسەر کۆیلە وئافرەتان ومناڵان و شێت و نەخۆش و موسافیر، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : { الجمعة حق واجب على كل مسلم في جماعة، إلا أربعة، عبد مملوك، و امرأة، او صبي، أو مريض} [2]، واتا: نوێژی هەینی مافێکی واجبە لەسەر هەموو پیاوێکی موسڵمان کە بە کۆمەڵ بیکات، لەسەر چوار کەس نەبێت، لەسەر کۆیلەیەکی خاوەندار، و ئافرەتان، و مناڵان، ونەخۆش نەبێت .

سەبارەت بە کەسی موسافیریش نوێژی هەینی لەسەر پێویست نیە، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە سەفەرەکانیدا نوێژی هەینی ئەنجام نەدەدا، لەو حەجەشی کە کردی ڕۆژی عەرەفە هاوکاتی ڕۆژی هەینی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بە نوێژی نیوەڕۆ ئەنجامیدا ولەگەڵ نوێژی عەسر پێکەوە بەکۆکراوەیی کردنی، بەڵام ئەو موسافیرەی ئەگەر لە وڵاتێك یان جێگایەك دابەزی کە نوێژی هەینی تێدا دەکرا ئەوا لەگەڵ خەڵکی موسڵمانی ئەو جێگایە نوێژی هەینی ئەنجام دەدات، خۆ ئەگەر هاتوو کۆیلە و ئافرەتان و مناڵان و نەخۆش وکەسانی موسافیر ئامادەی نوێژی هەینی بوون، ئەوا نوێژەکەیان ڕاست ودروستە، و جێگای نوێژی نیوەڕۆیان بۆ دەگرێتەوە .

### بابەتی سێهەم: کاتی نوێژی هەینی :

کاتی نوێژی هەینی هەمان کاتی نوێژی نیوەڕۆیە، کە لەدوای ئەوەی ڕۆژ لە ناوەڕاستی ئاسمان لادەدات و سێبەری هەموو شتێك بە ئەندازەی درێژی خۆی لێدێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەنەسی کوڕی مالیك ( خوای لێ ڕازی بێت ) گێراویەتیەوە و دەڵێت: { أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) كان يصلي الجمعة حين تميل الشمس } [3]، واتا: پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کاتێکی نوێژی هەینی دەکرد کە خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لایدەدا .

(1) شەرحی نەوەوی لەسەر صەحیحی موسلیم (152/6).

(2) ئەبو داود بەفەرموودەی ژمارە (1054) ڕیوایەتی کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی : الإرواء ژمارە (592) .

(3) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (904) ڕیوایەتی کردووە .

هەروەها هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خوایان لێ ڕازی بێت، هەر بەو شێوەیەیان کردووە (1)، هەر بۆیە هەرکەسێك بگات بە ڕکاتێك لە نوێژی هەینی پێش ئەوەی کاتەکەی بڕوات، ئەوا گەیشتووە بە نوێژی هەینیدا، وە گەر نا ئەوا دەبێت وەك نوێژی نیوەڕۆ ئەنجامی بدات، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێشتر باسمان لێوەکرد، و پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی بووی: { من أدرك ركعة من الصلاة فقد أدرك الصلاة}, واتا: هەرکەسێك بگات بە ڕکاتێك لە نوێژ ئەوا گەیشتووە بە نوێژەکەدا .

### بابەتی چوارەم: ووتاری نوێژی هەینی :

ووتاری نوێژی هەینی ڕوکن و پایەیەکە لە ڕوکن و پایەکانی نوێژی هەینی، بۆیە نوێژی هەینی بی ووتاردان ڕاست ودروست نیە، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەردەوام بووە لەسەری و پارێزگاری لێکردووە و هەرگیز وازی لێ نەهێناوە، ئەوانیش بریتین لە دوو ووتار، وە یەکێك لەمەرجەکانی دروستی نوێژی هەینیش ئەوەیە کە دەبیت ئەو دوو ووتارە پێش نوێژەکە بدرێت .

### بابەتی پێنجەم: سوننەتەکانی ووتاری نوێژی هەینی :

سوننەتە لە وتاری نوێژی هەینیدا نزا وپاڕانەوە بۆ چاکسازی وصەلاحی دین ودونیای تەواوی موسڵمانان بکرێت، لەگەڵ نزا وپاڕانەوە بۆ کاربەدەستانی موسڵمانان کە خوای گەورە ئیصلاحیان بکات و سەرکەوتوویان بکات لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیاندا، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتێك ووتاری نوێژی هەینی دەدا نزاو پاڕانەوەی دەکرد، وئەنگوستی بەرز دەکردەوە و ئاماژەی پێدەکرد، خەڵکیش هەموو ئامینیان بۆ دەکرد، وە سوننەت کە ئەو کەسەی ووتارەکە دەدات هەر ئەویش نوێژەکە بۆ خەڵکی بکات، وە بە پێی توانا دەنگی بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی هەموو ئامادەبووان ببیستن، وە بە پێوەش بێت نەك بە دانیشتانەوە، بە بەڵگەی ئەوەی خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَتَرَكُوكَ قَائِمًا﴾ [2]، واتا: ئەی موحەمەد تۆ بەراوەستاوی بەجێدێڵن!. ڕاڤەکارانی قورئان ئەڵێن: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕۆژی هەینیی لەسەر مینبەر وتاری ئەخوێندەوە، لەوکاتەدا کاروانێکی بازرگانیی لەشامەوە گەڕایەوە، لەو کاتەیشدا مەدینەییەکان تووشی گرانیی و قات و قڕییەك ببوون، شیاوی باسە هەرکات کاروان هاتبایەتەوە بەتەپڵ و دەفەوە پێشوازیان لێئەکرد، ئینجا کە دانیشتوانی مزگەوت و گوێگرانی وتاری هەینیی گوێیان لەو هەراو سومرەوە بوو، ئەوانیش- بێجگە لە دوازدە کەسیان - بەپەلە هەڵسان و پەیامبەریان بەجێ هێشت !! ئەوسا ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە و فەرمووی: ﴿قُلْ مَا عِنْدَ اللهِ خَيْرٌ مِنَ اللَّهْوِ وَمِنَ التِّجَارَةِ وَاللهُ خَيْرُ الرَّازِقِينَ﴾

(1) تەماشای پەرتووکی (فتح الباري) بکە (450/2).

(2) سورەتی الجمعة : ئایەتی: 11 .

واتا: پێیان بڵێ ئەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) ئەو پاداش و بەهرەیە لای خوایە بۆ ئیمانداران چاکترە لەگەمەو بازرگانیی، وەخوایش باشترین رۆزی بەخشە، کەوابوو جارێکیتر شتی وا نەکەن و تەنها لای خوا داوای رۆزی بکەن .

جابری کوری سەمرة ( خوای لێ رازی بێت ) ریوایەتی کردووەو دەڵێت: { كان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) يخطب قائما ثم يجلس، ثم يقوم فيخطب، فمن حدثك أنه يخطب جالسا فقد كذب } [1]، واتا: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە پێوە ووتاری نوێژی هەینی دەدا، پاشان دادەنیشت و دواتر هەڵدەسایەوە و ووتارێکی تری دەدا، هەرکەسێك پێی ووتی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە دانیشتانەوە ووتاری دەدا ئەوە بێگومان درۆی کردووە .

وە سوننەت وایە لەسەر مینبەر ولەشوێنێکی بەرز بدرێت، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەسەر مینبەرەکەی ووتاری دەدا کە بەرز بوو، لەبەر ئەوەی بەو شێوەیە باشتر دەگات بەخەڵکی، وە باشتریشە بۆ ئامۆژگاری کردنیان، وە سوننەتە لە نێوان هەردوو وتارەکەدا کەمێك دابنیشێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عەبدوڵڵای کوری عومەر ( خوایان لێ رازی بێت ) ریوایەتی کردووە ودەڵێت : { كان النبي ( صلى الله عليه وسلم ) يخطب خطبتين وهو قائم، يفصل بينهما بجلوس } [2]، واتا: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە رۆژی هەینیدا بە پێوە دوو وتاری دەدا، لە نێوانیانیشدا دادەنیشت .

وە سوننەتە ووتارەکان کورت بن، بەشێوەیەك ووتاری دووەم لە ئەوەی یەکەم کورتر بێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عەمار ریوایەتی کردووە، و دەڵێت پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { إنَّ طول صلاة الرجل وقصر خطبته مئنة من فقهه، فأطيلوا الصلاة، واقصروا الخطبة } [3]، واتا: بێگومان درێژی نوێژی پیاو (ووتار بێژ ) لەگەڵ کورتی ووتارەکەی نیشانەی شارەزاییەتی لەئاین، بۆیە نوێژەکان درێژ، و ووتارەکان کورت بکەنەوە .

وە سوننەتە ووتاربێژ کاتێك هاتە لای نوێژ خوێنان و ئامادەبووان سڵاویان لێ بکات، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە جابر ( خوای لێ رازی بێت ) گێراویەتیەوە ودەڵێت: { كان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) إذا صعد المنبر سلم }، واتا: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کاتێك سەردەکەوت بۆ سەر مینبەر سڵاوی لە موسڵمانان دەکرد .

وە سوننەتە کە لەسەر مینبەرەکە دابنیشێت تا ئەو کاتەی کە بانگبێژەکە لە بانگەکەی دەبێتەوە، بە بەڵگەی ئەو ریوایەتەی کە عەبدوڵڵای کوری عومەر ( خوایان لێ رازی بێت ) ووتویەتی: { كان النبي ( صلى الله عليه وسلم ) يجلس إذا صعد المنبر حتى يفرغ المؤذن، ثم

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (862) ریوایەتی کردووە .

(2) بوخاری وموسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (928), وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (861) ریوایەتیان کردووە .

(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (869) ریوایەتی کردووە .

**يقوم فيخطب }**، واتا: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کاتێك سەردەکەوت بۆ سەر مینبەر دادەنیشت تا ئەو کاتەی بانگبێژەکە لە بانگەکەی دەبویەوە، پاشان هەڵەستا و ووتارەکەی دەدا .

وە سوننەتە کە ووتار بێژ خۆی بدات بەسەر ئەو گۆچانە یان ئەو شتەی بە دەستیەوەیە، وە سوننەتیشە کە ووتاربێژەکە بە لەبەر ووتار بدات ( وەرەقەی بە دەستەوە نەبێت ) چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەو شێوەیە ووتاری دەدا .

### بابەتی شەشەم: ئەوە کارەی ئەنجامدانی لە کاتی ووتاری نوێژی هەینیدا حەرامە :

حەرامە قسەکردن کاتێك کە ئیمام ووتار دەدا، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : **{ من تكلم يوم الجمعة والإمام يخطب فهو كالحمار يحمل أسفارا ... }** [1]، واتا: هەر کەسێك ڕۆژی هەینی قسە بکات کاتێك کە ئیمام ووتارەکەی دەدا، ئەوا وەك ئەو گوێدرێژە وایە کە بارێك کتێبی هەڵگرت بێت، هەروەها فەرموویەتی : **{ إذا قلت لصاحبك أنصت والإمام يخطب فقد لغوت }** [2]، واتا: کاتێك ئیمام ووتار دەدات، ئەگەر بە هاوڕێکەت ووت بێدەنگبە، ئەوا قسەی پڕوپوچت کردووە .

مەبەست لە ووشەی ( اللغو ) کە لە فەرموودەکەدا هاتووە: مەبەست لە کردنی قسەی بێهوودە وپڕوپوچە و بێ مانا و وەرنەگیراوە، هەروەها حەرامە لەکاتی ووتارەکەدا هەنگاو بەسەر گەردنی خەڵکیدا هەڵنییت ( بۆ ئەوەی بڕۆیتە پێشەوە )، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کاتێك بینی کە پیاوێك هەنگاوی هەڵدەگرت بەسەر گەردنی خەڵکیدا، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) پێی فەرموو: **{ اجلس فقد آذيت }** [3]، واتا: دانیشە بەڕاستە ئازاری خەڵکی دەدەیت، چونکە کارێکی لەو شێوەیە دەبێتە هۆی زیان وئازار بە خەڵکی گەیاندن، وسەرقاڵی کردنیان کە ئاگایان لە ووتارەکە نەمێنێت، بەڵام ئیمام هیچ کێشە وگرفت نیە کە هەنگاو هەڵنێت بەسەر گەردنی خەڵکیدا ئەگەر هاتوو بەو شێوەیە نەبێت نەیدەتوانی بگاتە جێگاکەی خۆی .

وە مەکروهە و کارێکی باش نیە کە دوو کەس لەتەنیشت یەکەوە دانیشت بن تۆ خۆت بکەیت بە نێوانیاندا و لەیەکیان جودا بکەیتەوە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : **{ من اغتسل يوم الجمعة .. ثم راح فلم يفرق بين اثنين فصلى ما كتب له... غفر له ما بينه وبين الجمعة الأخرى }** [4]، واتا: هەرکەس ڕۆژی هەینی خۆی شۆرد وپاشان ڕۆیشت بۆ

---

(1) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (230/1)، ابن حەجەر لە پەرتوکی (بلوغ المرام ) دا ووتویەتی: ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی گرفتی تێدا نیە، بڕوانە پەرتووکی : ( سبل السلام ) (2/101 -102) فەرمووەی ژمارە (421).

(2) بوخاری وموسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (7288) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1337) ڕیوایەتیان کردووە .

(3) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (1118) ڕیوایەتی کردووە، ونەسائی ش ڕیوایەتی کردووە، (3/103)،وە حاکمیش ڕیوایەیت کردووە (1/288)، وە بە فەرمودەیەکی صەحیحی داناوە، وە ذەهەبیش لەمەدا هاوڕایەتی، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی (صحيح ابن ماجه ) فەرموودەی ژمارە (916) .

(4) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (910) ڕیوایەتی کردووە .

مزگەوت و دوو کەسی لەیەك جودا نەکردووە، وە ئەوەنەی بۆی نوسرا بوو نوێژی کرد، خوای گەورە لە گوناهو تاوانی نێوان ئەو هەینیە و هەینیەکەی تر خۆش دەبێت .

### بابەتی حەوتەم: بەچی شتێك دەگەیت بە نوێژی هەینیدا؟

مرۆڤی موسڵمان دە گات بە نوێژی هەینیدا بەوەی بگات بە ڕکاتێك لەگەڵ ئیمامدا، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو هوریرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) گێراویەتیەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { من أدرك من الجمعة ركعة فقد أدرك الصلاة }[1]، واتا: هەرکەسێك بگات بە ڕکاتێکی نوێژی هەینیدا، ئەوە گەیشتوە بە نوێژەکەدا .

بەڵام ئەگەر گەیشت بە کەمتر لە ڕکاتێك ئەوا دەبێت نوێژی نیوەڕۆ بکات .

### بابەتی هەشتەم: لەبارەی نوێژی سوننەتی هەینیەوە :

نوێژی هەینی سوننەتی لە پێشەوە نیە، ( وەك نوێژی نیوەڕۆ )، بەڵام ئەگەر هەرکەسێك وەك سوننەتێکی ڕەها ئەنجامیدا پێش ئەوەی کاتی نوێژی هەینی بێت هیچ گرفتێکی تێدا نیە، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) موسڵمانانی هانداوە بۆ کردنی سوننەتی ڕەها، وەك لەو فەرموودەیەی کە سەلمان ڕیوایەتی کربوو، وە کەمێك پێش ئێستا باسمان لێوەکرد، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی بووی: { من اغتسل يوم الجمعة .. ثم راح فلم يفرق بين اثنين فصلى ما كتب له... غفر له ما بينه وبين الجمعة الأخرى }[2]، واتا: هەرکەس ڕۆژی هەینی خۆی شۆرد وپاشان ڕۆیشت بۆ مزگەوت و دوو کەسی لەیەك جودا نەکردووە، و ە ئەوەنەی بۆی نوسرا بوو نوێژی کرد، خوای گەورە لە گوناهو تاوانی نێوان ئەو هەینیە و هەینیەکەی تر خۆش دەبێت .

هەروەها هاوەڵانی بەڕێزیش سوننەتی ڕەهایان کردووە، هەروەها لەبەر باشی و ئەفزەڵیەتی نوێژی سوننەتیش، وە ئەگەر هەرکەسێکیش نەیکرد ئەوە لۆمەی ناکرێت، چونکە سوننەتی ڕاتبەی نوێژی هەینی لە پاشیەوە دەکرێت، ئەویش دوو یان چوار یان شەش ڕکاتە، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) خۆی کردوویەتی و فەرمانیشی پێکردووە، لە فەرموودەدا هاتووە: { كان يصلي بعد الجمعة ركعتين }[3]، واتا: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دوای نوێژی هیەنی دوو ڕکاتی دەکرد، وە هەروەها فەرموویەتی : { إذا

---

(1) ابن ماجه بە مفرموودەی ژمارە (1121) ڕیوایەتی کردووە، ، وە شیخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەڕتووکی : (صحيح سنن ابن ماجه ) فەرموودەی ژمارە (927) و (882) .

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (910) ڕیوایەتی کردووە .

(3) بوخاری وموسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (937) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (882) ڕیوایەتیان کردووە .

صلى أحدكم الجمعة فليصل بعدها أربع ركعات } [1]، واتا: هەر کەسێك لە ئێوە ئەگەر نوێژی هەینی کرد، با چوار ڕکات لە پاشیەوە بکات.

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: { من كان منكم مصليا بعد الجمعة فليصل أربعا } [2]، واتا: هەرکەسێك لە ئێوە ئەگەر لەدوای نوێژی هەینیەوە نوێژی کرد ئەوا با چوار ڕکات بکات .

سەبارەت بە شەش ڕکاتەکەیش عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە و ووتویەتی: { أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) كان يصلي بعد الجمعة ستاً } [3]، واتا: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە پاش نوێژی هەینی شەش ڕکات سوننەتی دەکرد، هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی عومەر خۆیشی شەش ڕکاتی نوێژی سوننەتی ئەکرد لەپاش نوێژی هەینی[4]. بەمەش ڕوون بوویەوە کە لانی کەمی سوننەتی ڕابتە لە دوای نوێژی هەینیەوە دوو ڕکاتە، ولانی زۆریەکەشی شەش ڕکاتە، شيخ الاسلام ابن تيميەیش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) وای دەبینێت کە سوننەتی ڕاتبە ئەگەر لەمزگەوت کرا ئەوە چوار ڕکاتە، وە ئەگەر لەماڵەوش کرا ئەوە دوو ڕکاتە، بۆیە دەبینین کە نوێژەکانی شێوازی جۆراو جۆر بووە[5].

### بابەتی نۆیەم: چۆنیەتی ئەنجامدانی نوێژی هەینی :

نوێژی هەینی دوو ڕکاتە و بەئاشکرا قورئانی تێدا دەخوێنرێت، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەو شێوەیە نوێژی هەینی دەکرد، بێگومان کرداری ئەویش بەشێکە لە سوننەتەکانی، وە زانایانیش کۆدەنگن لەسەر ئەمە، وە سوننەتە لە ڕکاتی یەکەمدا دوای خوێندنی سورەتی (الفاتحة) سورەتی ( الجمعة ) و لەڕکاتی دووەمیشدا سورەتی ( المنافقون ) بخوێنرێت، یان لە یەکەمدا سورەتی ( الاعلى ) و لەدوەمدا سورەتی ( الغاشية ) بخوێنرێت، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئاوای کردووە .

### بابەتی دەیەم: سوننەتەکانی ڕۆژی هەینی :

1-سوننەتە زوو ڕۆشتن بۆ نوێژی هەینی، بۆ ئەوەی ئەو پاداشتە گەورە بەدەست بهێنرێت، لە فەرموودەیەکدا کە ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { من اغتسل يوم الجمعة غسل الجنابة، ثم راح، فكأنما قرب بدنة، ومن راح في الساعة الثانية، فكأنما قرب بقرة، ومن راح في الساعة الثالثة، فكأنما قرب كبشا أقرن، ومن

---

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (881) ڕیوایەتی کردووە .

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (881) (69)، ڕیوایەتی کردووە .

(3) لە پەرتووکی (الشرح الممتع) دا هاتووە: (102/4) .

(4) ئەبو داود بەفەرموودەی ژمارە (1130) ڕیوایەتی کردووە .

(5) لە پەرتووکی (زاد المعاد) دا هاتووە، (440/1) .

راح في الساعة الرابعة، فكأنما قرب دجاجة، ومن راح في الساعة الخامسة، فكأنما قرب بيضة، فإذا خرج الإمام حضرت الملائكة يستمعون الذكر } [(1)]، واتا: هەركەسێك ڕۆژی هەینی خۆی بشوات وەك خۆشۆرین بۆ لەشگرانی، وپاشان (لەساتی یەكەمدا) بڕوات بۆ مزگەوت وەك ئەوە وایە ووشترێكی كردبێت بە خێر بۆ لەخودا نزیك بوونەوە، وە هەركەسێك لە ساتی دووەمدا بڕوات وەك ئەوە وایە مانگایەكی كردبێت بەخێر، وە هەركەسێك لە ساتی سێهەمدا ڕۆیشت وەك ئەوە وایە بەرانێكی شاخداری كردبێت بەخێر، وە هەركەسێك لەساتی چوارەمدا ڕۆیشت وەك ئەوە وایە مریشكێكی كردبێت بەخێر، وە هەركەسێك لە ساتی پێنجەمدا ڕۆیشت وەك ئەوە وایە هێلكەیەكی كردبێت بەخێر، جا كاتێك ئیمام هاتە ناو مزگەوت وچووە سەر مینبەر بۆ ووتاردان، فریشتەكانیش كۆتایی دەهێنن بەناو تۆماركردنی ئەوانەی هاتوون وئەوانیش دێنە ناو مزگەوت بۆ گوێگرتن لە یادی خوای گەورە (مەبەست لێی گوێگرتنە لە ووتارەكە).

هەروەها فەموویەتی : { من غسل يوم الجمعة واغتسل، وبكر وابتكر، كان له بكل خطوة يخطوها أجر سنة صيام وقيامها } [(2)]، واتا: هەركەسێك ڕۆژی هەینی خۆی بشوات بۆ خۆشۆرینی چووت بوون لەگەڵ خێزانی، وە زوو بڕوات بۆ مزگەوت بە زوویەكی وا بگات بە سەرەتای ووتاری هەینیدا، ئەوا بەهەموو هەنگاوێكی كە ناویەتی پاداشتی ساڵێك ڕۆژوو گرتن وشەو نوێژی بۆ دەنوسرێت.

2-سوننەتە خۆشۆرین لە ڕۆژەكەیدا، بە بەڵگەی فەرموودەیكەی پێشووتر كە ئەبو هورەیرە ڕیوایەتی كردبوو، { من اغتسل يوم الجمعة غسل الجنابة ... }, بۆیە پێویستە مرۆڤی موسڵمان سور بێت لەسەر ئەنجامدانی و وازی لێ نەهێنێت، بەتایبەتی ئەو كەسانەی كە بۆنی ناخۆشیان هەیە، بەڵكو هەندێك لە زانایان بە واجبیان داناوە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە ئەبو سەعیدی خودری ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی كردووە، كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەموویەتی : {غسل الجمعة واجب على كل محتلم} [(3)]، واتا: خۆشۆرینی ڕۆژی هەینی واجبە لەسەر هەموو كەسێكی باڵغ، لەوە دەچێت ئەو ڕایەی كە خۆشۆرینی ڕۆژی هەینی پێ واجبە بەهێزتر بێت، وە ئەو واجبەش لەسەر كەس لاناچێت بە عوزرێك نەبێت .

3- وە سوننەتە كە مرۆڤ بۆنی خۆش لەخۆی بدات و خۆی پاك بكاتەوە، وە تەواوی ئەو شتانەش لاببات بە لاشەیەوە كە پێویستە لاببرێت، وەك نینۆك كردن و مووی عەورەت لابردن و شتی تریش ..

خۆپاكردنەوە شتێكی ترە زیاتر لە بابەتی خۆشۆرین، ئەویش بەوە دەبێت كە هەموو بونێكی ناخۆش ئەوەشی دەبێتە هۆكاری بۆنی ناخۆش لاببرێت، وەك لابردنی ئەو موانەی كە شەرع فەرمانی كردووە بە لابردنیان، وە نینۆك كردن، وە سوننەتە مووی عەورەت لاببرێت، وە

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (881) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (850) ڕیوایەتیان كردووە .

(2) تیرمذی بەفەرموودەی ژمارە (496) ڕیوایەتی كردووە، وە تیرمذی بەفەرموودەیەكی حەسەنی داناوە، وە مونذیریش بە حەسەنی داناوە، بڕوانە پەرتووكی ( الترغيب والتهريب 247/1).

(3) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (879) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (846) ڕیوایەتیان كردووە .

مووی بن باڵ هەڵبکەنرێت، وە نینۆکەکان بکرێن، وە مووی سمێڵ کوورت بکرێتەوە، لەگەڵ بۆنی خۆش لەخۆدان، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی کە سەلمان ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { لا يغتسل رجل يوم الجمعة، ويتطهر ما استطاع من طهر، ويدهن من دهنه، أو يمس من طيب بيته، ثم يخرج فلا يفرق بين اثنين، ثم يصلي ما كتب له، ثم ينصت إذا تكلم الإمام، إلا غفر له ما بينه وبين الجمعة الأخرى } [1]،واتا: هیچ پیاوێك ڕۆژی هەینی خۆی ناشۆرێت، و خۆی پاك ناكاتەوە لەوەی دەتوانێت لە پاكوخاوێنی، وەخۆی چەور ناكات بەو زەیتەی هەیەتی، یان خۆی بۆن خۆش ناكات لە بۆنی خۆشی ماڵەوەی، پاشان چووە دەرەوە بۆ مزگەوت و دوو كەسی لەیەك جودا نەكردووە ( لەو كەسانەی لەناو مزگەوتن ) وە هێندەی بۆی كرا نوێژی سوننەتی كرد، دواتر بێدەنگ بوو كاتێك كە ئیمام دەستی كرد بەووتاردان، ئەوە خوای گەورە لە گوناهی نێوان ئەو هەینیە و هەینیەكەی پێشووتری خۆش دەبێت .

ابن حەجەری عەسقەلانی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی : { من طهر : المراد به المبالغة في التنظيف، ويؤخذ من عطفه على الغسل... وأن المراد به التنظيف بأخذ الشارب والظفر والعانة } [2]، واتا: مەبەست لەپاكوخاوێنی ڕۆچوونە لە خۆپاككردنەوە وپاك خۆڕاگرتن، ئەمەش لەوەوە وەردەگیرێت چونكە عەطف كراوەتە سەر خۆشۆرین، وە مەبەست لێی خۆپاركردنەوەیە بە كورتكردنەوەی موی سمێڵ و نینۆك كردن و مووی عەورەت لابردن .

4-وە سوننەتە باشترین جلوبەرگ لەبەر بكات، بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی كە عەبدوڵڵای كوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی كردووە، ودەڵێت : { أن عمر بن الخطاب رأى حلة سيراء عند باب المسجد، فقال: يا رسول الله لو اشتريت هذه، فلبستها يوم الجمعة، وللوفد إذا قدموا عليك } واتا: عومەری كوڕی خەتاب جلوبەرگێكی جوانی حەریری لە بەردەم دەرگای مزگەوتدا بینی (دەیانفرۆشت)، ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر ئەو جلوبەرگەت بكڕیایە ولەبەرت كردایە بۆ ڕۆژی هەینی، و پێشوازی كردن لەو وەفدانەی كە دێن بۆلات .

ئیمامی بوخاری ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ئەم ڕیوایەتە دەكات بە بەڵگە بۆ لەبەركردنی باشترین جلوبەرگ بۆ ڕۆژی هەینی، وە دەروازە ( باب) ێكی لە صەحیحەكەیدا بەم شێوەیە ناوناوە ( باب يلبس أحسن ما يجد )، واتا: دەروازەی لەبەر كردنی باشترین جلێك (بۆ ڕۆژی هەینی) لەوەی دەستی دەكەوێت، وە حافظ ابن حەجەریش ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە ڕاڤە وشیكردنەوەی ئەم ڕیوایەتەدا

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (883) ڕیوایەتی كردووە .

(2) پەرتووكی (فتح الباری) (432/2) .

ووتویەتی: { ووجه الاستدلال به: من جهة تقريره ( صلى الله عليه وسلم ) لعمر على أصل التجمل للجمعة } [1]، واتا: ڕووی بەڵگە هێنانەوەی ئەم ڕیوایەتە ئەوەیە: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕازی بووە بەو پێشنیارەی عومەر لە ڕووی ئەصڵی ئەوەی کە پێویستە موسڵمان خۆی جوان و ڕازاوە بکات بۆ ڕۆژی هەینی .

( بەڵام لەجێگای تردا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕێگری کردووە لە بەکارهێنانی حەریر بۆ پیاوان، وەرگێر ) .

وە بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەش کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { ما على أحدكم لو اشترى ثوبين ليوم الجمعة سوى ثوبي مهنته } [2]، واتا: زیان ناکەن ئەگەر هەریەکێك لە ئێوە بیتوانیایە دوو جلوبەرگ ( ئیزار وریداء ) بکرێت بۆ ڕۆژی هەینی، جگە لەو دوو جلوبەرگەی کە بۆ ئیشوکارەکەی بەکاریان دەهێنێت .

دیارە جلوبەرگی کارکردن پاوکوخاوێن نیە چونکە پیس وپۆخڵ دەبێت وعارەقە دەکات، بۆیە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هانی موسڵمانانی داوە کە جلوبەرگی هاتن بۆ نوێژی هەینیان جیاواز بێت لەو جلوبەرگەی کە ئیش وکاری پیوە دەکەن (وەرگێر) .

5 – وە سوننەتە لە شەو و ڕۆژی هەینیدا زۆر صەڵاوات بدرێت لەسەر پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { أكثروا من الصلاه علي يوم الجمعة } [3]، واتا: لە ڕۆژی هەینیدا زۆر صەڵاواتم لەسەر بدەن .

6- وە سوننەتە لە نوێژی بەیانی ڕۆژی هەینیدا لە ڕکاتی یەکەمدا سورەتی ( السجدة ) و لەرکاتی دووەمدا سورەتی ( الانسان ) بخوێنێت، لەم بارەیەشەوە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە و ووتویەتی: { كان النبي صلى الله عليه وسلم يقرأ في الجمعة في صلاة الفجر الم تنزيل (السجدة)، وهل أتى على الإنسان حين من الدهر } [4]، واتا: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە ڕۆژی هەینیدا لە نوێژی بەیانیدا سورەتی السجدة ( ألم تنزيل الكتاب لا ريب فيه ) و ( هل أتى على الإنسان حين من الدهر ) ی دەخوێند

.

بەڵام زانایان دەڵێن : سوننەت نیە ئیمام وپێش نوێژ هەموو ڕۆژێکی هەینی لە نوێژی بەیانیدا ئەو دوو سورەتە بخوێنێت ( وەرگێر )

وە سوننەتیشە هەر لەرۆژی هەینیدا سورەتی ( الكهف ) بخوێنرێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { من قرأ سورة الكهف يوم الجمعة سطع له نور من تحت قدمه إلى عنان السماء يضيء به يوم القيامة، وغفر له

(1) پەرتووکی (فتح الباری) (432/2) .

(2) بوخاری وموسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (7288) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1337) ڕیوایەتیان کردووە .

(3) حاکم ڕیوایەتی کردووە (368/2)، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە پەرتووکی (الإرواء) (93/3) .

(4) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (891) ڕیوایەتی کردووە .

ما بين الجمعتين } [1]، واتا: هەرکەسێك ڕۆژی هەینی سورەتی ( الكهف ) بخوێنێت نوور و ڕۆشنایەکی لەژێر پێیەکانیەوە بۆ دەدرەوشێتەوە تاوەکو دەگاتە بەرزایی ئاسمانەکان، لەڕۆژی دواییدا بەو نوورە ڕێگای پێ دەردەکات و ڕوومەتیانی پێ دەدرەوشێتەوە، وە لە گوناهی نێوان ئەو دوو هەینیەشی خۆش دەبن .

7- وە سوننەتە ئەو کەسەی کە ڕۆژی هەینی دەچێتە ناو مزگەوت دانەنیشێت تاوەکو دوو ڕکات نوێژی دەکات، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی پێکردووە، وە بە کورتی وپوختی دەیکات ئەگەر هاتوو لەو کاتەدا ئیمام ووتاری دەدا .

8- وە سوننەتە لە ڕۆژی هەینیدا زۆر نزا و پاڕانەوە بکات، وە بگەڕێت بە شوێن ئەو کاتەی کە نزا وپاڕانەوە لەو ڕۆژەدا تێدا گیرایە، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە فەرموودەیەکدا فەرموویەتی : { إنَّ في الجمعة لساعة لا يوافقها عبد مسلم وهو قائم يصلي، يسأل الله شيئا، إلا أعطاه إياه } [2]، واتا: لە ڕۆژی هەینیدا کاتێك هەیە ئەگەر بەندەی موسڵمان لەو کاتەدا نوێژبکات، لەخوای گەورە بپاڕێتەوە و داوای هەر شتێکی لێ بکات، ئیلا خوای گەورە پێی دەبەخشێت .

زانایان دەڵێن : مەبەست لە ووشەی ( وهو قائم يصلي ) لەو کاتەدا نوێژ بکات، مەبەست پێی نزاو وپاڕانەوەیە نەك نوێژ بەمانا شەرعیەکەی، چونکە لەسەر ڕای ڕاست ودروست ئەو کاتە کۆتا کاتی ڕۆژی هەینە لە دوای نوێژی عەسرەوە بۆ خۆرئاوا بوونە، چونکە لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە کە نەهی کراوە لە کردنی نوێژ لەو کاتەدا، بۆیە زانایان ووتویانە مەبەست لە ووشەی (يصلي) نزاو پاڕانەوەیە بە مانا زمانەوانیەکەی، نەك نوێژ کردن بە مانا شەرعیەکەی ( وەرگێر ) .

[ لە خوای گەورە و میهرەبان داواکارین زیاتر لە ئاینەکەی شارەزامان بکات، بۆ ئەوەی پەرستن و عیبادەتەکانمان لەسەر چاوڕونی وبەصیرەت ئەنجام بدەین بۆی ] وەرگێر .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان: بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (7288) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1337) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (953) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (852) ڕیوایەتیان کردووە .